

# ڕۆژان: مۆسیقای کوردی کاریگەری لەسەر مۆسیقای ئێرانیش هەیە

*** ئایا لە ئێستادا لە کوردستان مۆسیقای ڕەسەن (کلاسیک) گرنگی پێدەدرێت ؟**

- هەر چەشنە شێوەیەکی مۆسیقا جێگای تایبەتی خۆی لە ناو خەڵکدا هەیە. مۆسیقای کلاسیکی ئێمەش تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و من بۆخۆم حەزم زۆر لە مۆسیقای کلاسیکە، بۆیە گرنگی پێدان بەم جۆرە مۆسیقایە وەستاوە لەسەر هونەرمەند، بێگومان بەشێك لە هونەرمەندان حەز بەم جۆرە مۆسقایە دەکەن.

*** ئەوەی ئێستا لە هونەری جیهانیدا هەیە کاریگەریی چی بووە لەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی؟**

- بە دڵنیاییەوە لە دونیای ئەمڕۆ دا تەکنۆلۆژیای سەردەم کە ڕۆڵی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مۆسیقای کوردیش هەیە.

*** کێن ئەو هونەرمەندانەی کە تا ئێستا ڕەسەنایەتیی هونەری کوردییان لە هەموو پارچەکانی کوردستان پاراستووە؟**

- ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند هەن لە شێوازگەلی جۆراوجۆرکە بە تایبەتمەندیی و توانایەکی زۆرەوە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی پێشکەش دەکەن، بەڵام من ناتوانم لێرە ناوی کەسیان بڵێم نەوەك هەندێکیان لە بیرکەم و شەرمەزاریان بم.

*** ئەو شەپۆلەی ئێستا لە بواری هونەردا هەیە پێتوایە تا چەند بەردەوام دەبێت؟**

-لە سەردەمگەلی جیاوازدا شەپۆلگەلێکی جۆراوجۆر کاریگەریی لەسەر هونەر دەبێت. تەنیا ئەو هونەرە دەمینێتەوە کەوا ڕەسەنە و ئەوانی دیکە تەمەنیان کورتە و زوو لە ناودەچن، چونکە هونەر بۆ جەماوەرە و جەماوەریش ئەو بڕیار دەدات .

*** لە نێو کورددا مەقامات چەند ڕۆڵی هەیە لە پێشخستنی هونەرمەندا؟**

- مەقام یەکێکە لە ستوونە بنەڕەتییەکانی مۆسیقای کوردی کە لە دێر زەمانەوە بەجێ ماوە ئەم مەقامانە لەسەردەمی پێشووە هەبوون و ئێستاش درێژەیان هەیە و لە بواری کەلتووری لە ناو کورددا جێگای ڕێزە.

*** لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا کە ڕاپ و جاز و پۆپ زۆر بەربڵاون، چۆن توانیویانە هونەری ڕەسەن و کۆنی خۆیان بپارێزن؟**

-هەر شێوەیەکی مۆسیقا هۆگر و گوێگرانی تایبەتی خۆی هەیە و لە ئەمریکاش گرنگییەکی تایبەت بەشێوەی مۆسیقای کلاسیک دەدرێت و هۆگرانی ئەوەیان زیندوو ڕاگرتووە .

*** ئایا هەوادارانی هونەری کۆن و فۆلکلۆر ماون یاخود فۆلکلۆری خۆیانیان لەگەڵ هونەری سەردەم گونجاندووە؟**

- هونەری کلاسیک بەشێوەی تایبەتی خۆی بە کاردەهێنرێت و مۆسیقای ئاوێتە لەگەڵ ئەم هونەرە لە گۆرانی و بڕگەگەلی جۆراوجۆر بە شێوەی نوێ بەکار دەهێنرێت .

*** لە نێوان موزیك و گۆرانی کورد و میللەتانی دەوروبەر جۆرێك نزیکی هەیە، تۆ پێت وایە لە چ لایەنێکەوە هونەری کوردی و فارسی لە یەکترەوە نزیکن؟**

-مۆسیقای کوردی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی مۆسیقای جیهانی تەنانەت دەتوانین بڵێین کە کاریگەرییەکی گرنگی هەبووە لەسەر مۆسیقای ئێرانیش.

*** وەك ڕۆژان لە چ ڕوویەکەوە سوودت لە موزیکی فارسی وەرگرتووە؟**

- لە بەشی مۆسیقای کلاسیک کەڵکی زۆرم وەرگرتووە و لەگەڵ شیعرەکانی مەولانا و حافز.

*** تۆ خۆت زیاتر لە کامیان بە سەرکەوتووتر دەبینیت؟**

-مۆسیقای کوردی زمانی هەست و دایکی منە و پێوەندی خۆشەویستی زۆرم لەگەڵی هەیە و زمانی فارسی زمانی دووەمە بۆ من کە هەست و گیان دەدا بە شعر. من پێشکەوتنی خۆم زیاتر لە زمانی دایک واتە زمانی کوردیدا دەبینم.

*** بیستومانە لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئێرانی داریوش خەریکی چەند کارێك بوون ئەم پرۆژەیە بەچی گەیشتووە؟**


- بەڵێ، بڕیار وابوو کۆنسێرتێکی گەورە لە کوردستان پێکەوە ئەنجام بدەین لەگەڵ چەندین سیمینار هونەری جۆراوجۆر ڕێك بخەین، بەڵام بەداخەوە هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتووە و گرفتگەلێکمان هاتە پێش کە تا ئێستا نەکرا ئەم کۆنسێرت و بەرنامە بە ئەنجام بگەیەنین.

***ئاشنایی تۆ و داریووش کەی و چۆن درووست بوو؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٩ و٢٠١٠ بە نیازی درووست کردنی باڵاخانەیەکی دالدەدان بووم بۆ ژنان لە لۆس ئەنجلوس و کارم لە سەر ئەو پرۆژەیە دەکرد، لەو کاتەوە هاورێیەتیم لەگەڵ داریووش دەستی پێ کرد و ئاهەنگی (سێسەد گولی سووری )پێشکەش بە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان کردووە.

*** زۆر لە ئامێرە موزیکیەکان تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە لای کورد وەك دەف و شمشاڵ و چەندانی دیکە ئایا وەك پێویست هەوڵی بە زیندوو مانەوەیان دراوە و ئەم کارە چۆن دەکرێت؟**

- من زۆر حەزم لە دەفە و بە ڕای من دەف لە بواری عیرفانیەت و مۆسیقاییەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە، بنەماڵەی کامکارەکان لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆریان کردووە و پێگە و پایەی دەف یان لە مۆسیقای کوردیدا پتەوتر کردووە.



**چەند ساڵێك لەمەوبەر خانمە گۆرانیبێژ ڕۆژان بە نیاز بوو لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئێرانی داریوش سەردانی کوردستان بکات و کۆنسێرت و ژمارەیەك سیمیناری هونەری ساز بکات، بەڵام پرۆژەکە لەبەر چەند هۆکارێك دواخرا، ڕۆژان کە چەندین ساڵە لە لۆس ئەنجلۆس نیشتەجێیە و تا ئێستا چەندی بەرهەم و کۆنسێرتی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی ساز کردووە و بەر لە چەند مانگێك نوێترین کلیپی خۆی بڵاو کردوە.**

# موهەنەد
# لە مردنی خۆی تورەیە

کیڤانش تاتلیتۆگی ئەکتەری تورکی ناسراو بە موهەنەد تووڕە بوون و بێزاری خۆی راگەیاند بەرامبەر بەو پڕوپاگەندە و هەواڵانەی بەم دواییە دەربارەی مردنی دەگوازرێنەوە لەلایەن میدیاکانەوە موهەنەد سەبارەت بەم هەواڵانە دەڵێت: جارێکی دیکە منیان کوشت، خزم و هاوڕێکانم بەردەوام پێوەندیم پێوە دەکەن و لە ئەحواڵم دەپرسن هەندێکیان راستەوخۆ پێم دەڵێن نەمردی، هەندێکی دیکەیان دڵنیا نین و دەڵێن ئەوە خۆتی کە دڵنیا دەبن منم ئینجا پێم دەڵێن ئەوە چییە لە فلان رۆژانی باسی مردنی تۆ دەکەن، من نازانم ئەو کەسە نەفس نزمانە کێن کە بەو کارە قێزەوەنانە هەڵدەستن و وایان کردووە راگەیاندن بگاتە بەو بارودۆخەی ئێستا کە زۆر حاڵێکی خراپە.



## سەلمان خان بـ

دادگایەکی هیندی بڕیاریدا ئەستێرەی سینەمایی هیندی سەلمان خان دادگایی بکرێت بە تۆمەتی کوشتنی هاووڵاتییەك لە رووداوێکی ئۆتۆمبیل کە بەر لە ١١ ساڵ ئەنجامی دابوو و خۆیشی لە شوێنی رووداوەکە رایکردبوو.

رووداوەکە لە سیپتێمبەری ساڵی ٢٠٠٢ روودیدا کاتێك لە نزیك فڕنێك سەلمان نان لە شاری بۆمبای لە هاووڵاتییەکی دا و بووە هۆی کوشتنی، بەڵام سەلمان لە شوێنی رووداوەکە رایکرد و ئێستاش تۆمەتی کوشتن بە پشتگوێ خستنی ئاراستە دەکرێت و رەنگە سزاکەی بەندکردن بێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، بەڵام سەلمان ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو کات خۆی ئۆتۆمبیلی لێخوڕی بێت.

دادوەر فاسنت باتێل لە بارەی ئەم کێشەوە وتی: تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی روون نییە دەربارەی ئەوەی کە رووداوەکە بە ئەنقەست

## میریل ستریپ جادۆگەرە

لەفیلمێکی نوێ بەناوی (دارستانی وەرگیراو) ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی میریل ستریپ رۆڵی جادووگەرێك دەبینێ کە سیناریۆکەی لە کتێب و شانۆگەرییەکی بەم ناونیشانە وەرگیراوە.

دیڤید کراینی بەرپرس لە فیلمەکە بە ماڵپەری برۆدوای وۆرڵدی ئەمریکی راگەیاند کە بە تامەزرۆیە بۆ دووبارە کار کردنەوە لەگەڵ ستریپ بەتایبەتی لە فیلمێکی لەو جۆرەدا کە رۆڵێکی جیاوازتر لە رۆڵەکانی پێشووی دەبینێت ئەویش رۆڵی جادووگەرێکە.

شایەنی وتنە لە ساڵی ١٩٧٧ ەوە و دوای بەشداری کردنی لە فیلمی (کۆتایی خۆش) ئەمە یەکەم جارە دیڤید لەگەڵ ستریپ کار دەکاتەوە و ئەم فیلمە لەلایەن ستۆدیۆکانی دیزنییەوە بۆ سەرتاسەری جیهان بڵاودەکرێتەوە .



## ـــــــه كوشتن تۆمەتبار دەكرێت



نەبوویێتن، بۆیە پێویستە دادگا زۆر بە وردی لەم كەیسە بڕوانێت و توندترین سزاش بەسەر سەلماندا بسەپێنێت، لەلایەن خۆیەوە دیبیش مهیتای پارێزەری ســـەلمان رایگەیاند كەوا تانە لە حوكمی داگا دەدات ئەگەر هەرچییەك بێت.

رۆژنامەنووس و پەیامنێران هەمیشـــە سەلمان خان بە (كەسێكی بەد) وەسف دەكەن و مامەڵە كردنی لەگەڵ ئیشواریا رای هاوڕێی بە باشـــترین نموونـــە دەهێننەوە، هەروەها باس لـــەوەش دەكەن كە ســـاڵی ٢٠٠٦ بە پێنج ســـاڵ زیندانی كراوە بە تۆمەتی كوشتنی ئاســـكێك لە شوێنێكی پاراستنی ئاژەڵان، بەڵام دواتر ئازاد كرا بە كەفالەت.

شایەنی وتنە سەلمان خان بە بەناوبانگترین ئەستێرە سینەماییەكانی هۆڵیۆد دەناسرێت و بەشداری لە زیاتر لە ٨٠ فیلمدا كردووە.



## كیت مودمنی نۆك خواردنە

دوور لـــە پێشـــبینیەكان و جیاوازتر لە زۆربەی هونەرمەندو كەســـایەتییە ناودارەكانی جیهان، كچە مۆدێلسازی ناوداری جیهانی كیت موس مودمنی خواردنی نۆكە.

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی لەم بارەیەوە رایگەیاند كەوا كیت ئێستا مودمینـــی خواردنی نـــۆك بووە لەو كاتەوەی لە یەكێك لە چێشتخانەكانی لەندەن تامـــی كردبـــوو، رۆژنامەكە ئەوەشـــی راگەیاند كە كیـــت ئەوەندە حەزی لە نۆك كرد بە جۆرێك داوای لە چێشتلێنەرەكە كرد فێری بكات چۆن لە ماڵەوە (حمـــص بالطحین) ئامادە بكات، شایەنی وتنە ئێستا لە بەریتانیا بەگشتی و ئەو شوێنانەی عەرەبی لێیە بـــە تایبەتی (حمص بالطحیـــن) بە یەكێك لەو خواردنانـــە دادەنرێت كە رەواجێكـــی زۆری هەیە لای بەریتانیـــەكان و خواردنێكی سەرەكی ژەمەكانیانە.



## برێتنی نازناوی بوو بە كچی زێڕین

بەم دواییە نازنازی (كچی زێڕین) بەخشرایە گۆرانیبێژی ئەمریكی برێتنی سبیرز ئەویش بەهۆی ئەوەی كە لە ساڵی رابردوودا توانی ببێتە خاوەنی زۆرترین كرێ لە نێو هونەرمەندانداا.

لە ساڵی ٢٠١٢ برێتنی توانی بڕی ٥٨ ملیۆن دۆلار كۆ بكاتەوە، بەپێی راپۆرتێكی گۆڤاری (فۆربس)ی ئەمریكی كە لیستی تایبەتی بڵاوكردۆتەوە سەبارەت بە خاوەن زۆرترین كرێ لەنێو كچە گۆرانیبێژەكان، بە پێی راپۆرتێكی هەمان گۆڤاری هۆكاری ئەم كرێ زۆرەی بریتنی بۆ دوایین ئەلبوومی دەگەڕێتەوە كە بە ناوی (ئافرەتێكی قەدەری)یە لەگەڵ بەشداری كردنی لە بەرنامەی(ئێكس فاكتۆر) و ئەم بڕە پارەیەش بووە هۆكارێك بۆ ئەوەی بتوانێت باری تەندروستی باشتر بێت بەتایبەتی لە بواری ماددە هۆشبەرەكان.

برێتنی گۆرانیبێژ جگە لە گۆرانی وتن تێكستیش دادەنێت لە هەمان كاتدا گۆرانیبێژیشە، هەر لە تەمەنێكی زوودا لەگەڵ ئەكتەری ئاشنا دەبێت و گۆرانی دەگوت و لە بەناوبانگترینیان گۆرانی(منی شێت كردووە) كە پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی گرامی وەك با شترین دەنگی ئافرەت.

## کامەران نوری گوڵاڵە:

# دۆبلاژ چەند خزمەتکردنە بە کلتووری بیانی ئەوەندەش خزمەتە بە هونەری کوردی

**کامەران نوری لە سالی ١٩٨٩ لە تیپی نواندنی سلێمانی دەست کردووە بە کاری هونەری، تا ئێستا لە ١٦ شانۆگەریدا کاری کردووە وەک نواندن و بەڕێوەبەری شانۆ و بەڕێوبەری بەرهەم و لە ١١ درامای تەلەڤیزیۆنی و ١٤ فیلمی کورت و ٤ فیلمی درێژ بە نواندن بەڕێوەبەری بەرهەم بەشدار بووە، هەروەها لە بەشی سێیەمی گەردەولوول و فیلمی بێکەس و مەرگی عاشقان بەشدارە، (گوڵان)لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکی لێکرد.**

* ئەو توانا مرۆیی و ماددییەی لە دۆبلاژکردنی زنجیرە کۆرییەکانەوە خەرج دەکرێت باشــتر نییە لەکارێکی کوردیدا خەرج بکرێت؟

- ئەکتــەرە کوردەکان بە دەنگ لــە زنجیرە بیانییەکاندا گرنگە بۆ ناســاندی کلتوری میللەتان بە یەکتر و ئاشــنا کردنی جەماوەر بە شارســتانییەتی میللەتانی دیکە، ئەوە خزمــەت کردنە بە دراما و قاڵبوونەوە لــە نواندن و کاری هونەری زیاتر، بەشداریکردنی ئەکتەرە کوردەکان بە دەنگ چەند خزمەتکردنە بە کلتووری بیانی ئەوەندەش خزمەتە بە هونەری کوردی.

* بۆچی بەشــێك لە ئەکتەرەکان بە دەنگیان بەشدارن لە دۆبلاژکردنــی زنجیرە بیانییەکان، لە کاتێکدا زیاتر خزمەت بە کلتووری ئەو نەتەوانە دەکەن؟

- کەناڵە کوردییەکان ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە پەخشکردنی دراما بیانییەکان، بــەڵام خەرجی ماندووبوونی ناوەندەکانی دۆبلاژ پێویســتە ڕێزی بگیرێت و خەرجــی زیاتریان پێ بدرێت.

*کەناڵە کوردییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە نمایشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان؟

- هەرچەندە پێویســتە ئەم پرسیارە ئاراستەی کارگێڕیی کەناڵــەکان بکرێت، بەڵام دیارە کەناڵە لۆکاڵییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان بۆ بەدەستهێنانی جەماوەری خۆیان هەوڵدەدەن باشترینی ئەو درامایانە بە دۆبلاژکراوی بکڕنەوە هەرچەندە بڕوامان وایە لەگەڵ کڕینــەوەی بەرهەمە دۆبلاژکراوەکان کەناڵەکان کێبڕکێش بکەن لەســەر بەرهەم هێنانی درامای کــوردی بــۆ بووژانەوەی زیاتــری توانــا هونەرییەکانی دراماکارانی کورد و بەرهەمەکانیان.

* تێبینی دەکــرێ ڕکابەرێتییەکی توند هەیە لە نێوان کەناڵــە کوردییەکان بە ئاســمانی و لۆکاڵییەکان لەســەر پەخش کردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، ئەمەیان هۆکارەکەی چییە؟

- بەشێوەیەکی زانســتییانە پەرەی پێ بدرێت لە لایەنی تەکنیکییەوە و خولی ڕاهێنان بکرێتەوە بۆ دروســت کردنی کەسانی پســپۆری فیلمســازی لە بوارەکانی دەرهێنان و وێنەگرتن و بەڕێوەبردنی بەرهەم و دیکۆرســازی و مۆنتاژ کردن .... هتد، هاریکاری کردنی زیاتری دارایی بۆ دراما تیڤییەکان.

* باشــتر نییە ئەو ڕکابەرێتییە لەســەر بەرهەمهێنانی درامای کوردی بێت؟

- ئەمــە بابەتێکی نامۆ نییە لە شــوێنانی دیکەیش بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان ئەم جۆرە هەوڵانە دەدرێت، بەڵام باشتر وایە بۆ هەر کارێکی هونەری فیلمسازی و کلیپ و دراما گرنگی بدرێت بە جیاکردنەوەی بەش و پسپۆرییەکان بــە تایبەت دەرهێنان و وێنەگرتــن و مۆنتاژ بۆ ئەوەی بە دروســتی هەر کەس کاری خۆی بە لێزانی و پســپۆڕی جێبەجێ بکات.

* چیبکرێت بۆ ئەوەی درامای کوردی پێشبکەوێت؟

- توانــا و کارەکانی گەنجەکان لە ئێســتادا زۆر باشە و داواکارم هونەرکارە لاوەکان زیاتر گرنگی بدەن بە کاری فیلم و دراما بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری کوردی و پێویســتە لەســەر دەزگا حکومــی و نــا حکومییــەکان گرنگی زیاتــر بدەن بــە لاوان و گەنجان بۆ زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری.



